سەدر لەبارەی سوتاندنی قورئانی پیرۆز لەلایەن ژنە بەربژێرێکی کەماریەکان بە کۆنگرەسی ئەمریکا هاتەدەنگ

موقتەدا سەدر، سەرکی ڕەوتی نیشتمانیی شیعە لە ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە سووتاندنی قورئانی پیرۆز، لەلایەن ژنە بەربژێرێکی کەماریەکان بە کۆنگرەسی ئەمریکا لە ویلایەتی تەکساس ڕایگەیاندووە، "جارێکی دیکە ڕژێناوا ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بە ئایینی ئاسمانیی ئیسلام ڕادەگەیەنێت."

سەدر دەڵێت، "ئەم جۆگای سەرسوڕمان نییە، بەڵام ئەوەی جۆگەی سەرنج و سەرسوڕمانە، بەدەنگیی هاوتا ئایینییەکانمانە کە ئایینە ئاسمانییەکانیان خۆشدەوێت، سەبارەت بەم کارە تاوانکارییە شەرمەزارکەرەی ڕق و کینە و پشێلکردنی هەست و باوەڕی ملیۆنان کەس."

بە بۆنەی موقتەدا سەدر، "ئەم بەدەنگییە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دوورە لە (سامی بوون؛ زاراوەیەکە بۆ دژە جوولەکایەتی دەگوترێت، وەک گرووپێکی ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی)، ئەگینا تاوانێکی جیهانی لەخشتەبوو دەبوو کە دەزگا ڕژنامەوانی و نامرۆڤکانی دەلەرزاند."

سەدر دەپرسێت، ئایا لەئامێزگرتنی ئایین جۆرێکی ئازادی نییە؟ هەڕشکردنە سەر ئایینەکان جۆرێک لە

سەرکوتکردنی ئازادی ئایین و باوەڕ نییە؟

سەرکی رۆوتی نیشتمانیی شیعە پێی وایە، خوا "درێی ئازادی و دیموکراسی بەباکانێی" وەاتانی رژئاوای ئاشکرا کردووە و نووسیویەتی، دیموکراسییەکە بە دوو پۆوەر بەکاردەهێنن، "هەرچی دژی تە بەت حەرام قەدەخەیە و هەرچی دژی ئەوانە بەت کە بە دوژمنی خەتیان دەزانن حەڵاڵە. هەرچی لە بەرژەوەندیتاندا بەت ئەرکە، هەرچی لە بەرژەوەندی ئەو کەساندا بەت کە دژایەتییان دەکەن، تیرەر و دیکتاتێریەت و دواکەوتوویە."

لەکەتاییدا موقتەدا سەدر ئاماژێی بەوە کردووە، "ئەو ئێی دواکەوتووکان، گومەزە ئاسنینەکانتان هیچ سوودێکی بە ئەوە نابەت، کاتێک سزای ئاسمانیتان بە دەت، کەواتە چاوەڕوان بن، چونکە منیش چاوەڕوانم."